# چاککردنی کومەڵگای کوردستان

## دوو هاوکیشە و دووریەکانی

ئاسۆ حامدی

لە کومەلگادا زور مەفهوم و تێرم  روژانە دووبارە دەکرینەوە، ئەمانە لە هەموو کومەلگایەکدا هەر یەک مانایان نیە..بەلکو مانای جیاجیایان هەیە..بەلام هەندی مەفهوم و تێرم لە هەموو کۆمەلگایەک یەک مانای هەیە وەکو پیشە ئەنتەرناسیونالەکان..بەنموونە  دکتۆرەکان یان کونە فروشەکانی گشت دونیا رەوشتی کومەلایەتیان بە گشتی لەیەک دەچێ یان فیتەرەکان یان سوپا و سەربازی و پولیس و خەلکەکانی پرسگاکان و سستەر و ماموستا...هتد. هتد..
زۆر جار رەوشتە کۆمەلایەتیەکان لە گەل هاوکیشەکانی بیرکاری یدا دژی یەکن، هەندی جاریش لەگەڵ یەکدان.هاوکێشە بیرکاریەکان لە هەموو دونیادا یەکن.
بەنموونە دووجار نەخیر نەخیر مانای نەخیر دەگەیەنی بەلام ناقس جاران ناقس لە بیرکاری دا زائد دەگەیەنی . کە دوو بەرەنجامی جیا دەدەن بەدەستەوە..لیرە مەبەست بەراوردکردنی مەسەلە کومەلایەتیەکانە بە مەسەلە بیرکاریەکان..
کاریگەری بیرکاری لە مەسەلە ستراتیژیەکانی کومەلگا کاریگەریەکی بەهیزە..هیچ لیکولینەرەوەیەکی سیاسی ، ئابووری، فەرهەنگی لە مەسائیلی ستراتیژی ناتوانێ بە بێ دەخالەتی هاوکێشە بیرکاریەکان هەنگاوێ هەلبگرێ..ئەم پەیوەندیە بە هێزە ئەبێ سەلیمانە بەکار بێت، ئەگینا بەرەنجامی نادروست دەداتە دەستەوە..
لیرەدا باس لە دوو هاوکێشە دەکەین کە بنەمای دراسە ستراتیژیەکانە.. ئەم هاوکیشانەش دەربارەی چونایەتی و مجازەفەیە...
چونایەتی یەکسانە بە نرخ و بەها..دەکرێ پیچەوانەش راست بێ..بۆ گەشەدان بە چونایەتی کومەلگا نرخ و بەهای باشت دەوێ..پێچەوانەش هەر راستە..
بۆ ئالوگوردان بە چونایەتی کۆمەلگا لە ژێر دەستەی بۆ رزگار بوون و ئازادی بەهاکەی بۆ هەمووان روونە..لە هەمان کاتدا کومەلگایەکی ئازاد دەبێ چونایەتیەکی بەهێز پێشکەش بە کومەلانی خەلک بکات..
ئەم هاوکێشەیە لە هەموو بەرنامەکانی لانی کەم و لانی زۆری خزمەتگوزاریەکانی وولاتان بەکاردێت.یانی بەرنامە خزمەتگوزاریەکانی پێنچ سالە یان دە ساڵە...هتد.
ئەم یاسایە لەگەڵ بنەما کومەلایەتیەکان بە راستەوانە دێتەوە..بۆ گورانی هەموو چونایەتیەک لە کۆمەلگادا لیکولەرەوکان پیویستیان بە هاوکێشەی مجازەفە هەیە..لە ئابووری دا هاوکێشەی مجازەفە بریتیە لە مجازەفە یەکسانە بە پارە..
بەلام لە مەسائیلی کومەلایەتیدا مجازەفە یەکسانە بە کاریگەرەکان جاران شانس..لیکولەرەوە سیاسیەکان و ستراتیژیەکان دەتوانن کاریگەریەکان لە ستراتیژدا دیاری بکەن یانی بە نەگۆری و گۆراوی کاریگەریەکان لەگەل شانس دا بەلام شانس هەردەم گۆڕاوە..
لیرەدا ئەم دەرسە فیردەبین کە چون مامەلە لەگەڵ ستراتیژ دا دەکەین..ستراتیژ تەنها لێکدانەوەیەکی دروستی بیرکاری وەزعیەتی مەوجودە لەگەڵ پەیوەند بە مجازەفەی ئایندەدا ، بەرەنجامەکەشی چونایەتی کۆمەلگایە کە خوازیاری گشتە..
نوسەرە بەریزەکانی ئاموژگاکانی دراسە ستراتیژیەکان مەسەلەکان لە دوای دەرگا داخراوەکانی دەزگاکانی مخابەراتی و دزەی زانیاریەکان لەم ژوورانەوە زۆر بەگرنگی و ترسناک بۆ خەلکی ئاسایی باس دەکەن..لەهەمان کات کەسێکی هۆشیاری کومەلگا دەتوانی مەسەلەکان لە ئایندەدا

شیتەڵ بکات ئەگەر ئامارو ئەرقام و زانیاری مەسەلە پەیوەندداره‌کان بە دەست بکەوێ.ئەوانیش تەنها لەم ژوورانەوە بەدەست دەکەون..

لێکولەرەوانی سیاسی لە کوردستان دەبێ لەکاتی لێکولینەوەکانیان ئاگاداری هەموو مەسەلە کومەلایەتی و بیرکاریەکان بن.. کە چەندە کاریگەریان لەسەر یەک هەیە.لە هەمان کاتدا دەبی بۆچوونی ستراتیژی و دووربینانە مەترەح بکەن، تا بتونین ئایندەی کۆمەڵگایەک بە چونایەتی نوێ بەرهەم بینین..بۆ ئەمەش مجازەفەی زۆرمان پێویستە...مجازەفە زانستیکی گەورەیە دەبێ بەریوەبەران و دەسەلاتداران لە کوردستان فیری ببن..

لە سیاسەتدا مجازەفە کاریکی ئاسایی و نائاسایی یەو سادە و زۆر قورسن.گرنگترین مەسەلە لیرەدا ناسینی کاتەکانە..کاتەکانیش دوولایەنەن یا ئەوەتا سەنگ و سوکی مەسەلەکان دەگورێت و بەلای نیگەتیڤی دادەبا کە ئەمەش تەنها لەنەناسینی کاتەکاندا مرۆڤەکان تووشی دەبن..بۆ ناسین و دیاری کردنی کاتەکان چاودیری بەردەوام بۆ گشت مەسایلەکان پێویستن. بەلام لیرەدا بیرکردنەوە لەم هەموو حالەتانە زیاتر رۆشنی بە مجازەفەکان دەدات..لیرەدا سیاسەتمەدارانی هوشیار بە دەسکەوتەکانی گەل دەزانن کەی و چون حەرەکە دەکەن.. یانی متابعەی بەردەوامی کێشەکان و دیاری کردنی کاتی مناسب بۆ مجازەفەکردن .لەباری ئابووری کەسانی بازاڕی دەزانن کەی مجازەفە لە بازاڕی پارەدا دەکەن و ناکەن، بەلام بۆ سیاسیەکان زۆرکات ئەم هەنگاوانە لە بەر کاریگەری دەرەوەیی و ناوخۆیی خۆیان لینادەن..

بەریوەبەران و دەسەلاتدارانی کوردستان دەبێ لە کاتی مناسب دا مجازەفە بکەن تا بتوانن چۆنایەتی کۆمەلگای کوردستان بەرەو پێشەوە ببەن..بەڵام ئەمەش کەس و کاتی خۆی دەوێ..

28 ئابی 2005